# ڕێکخراوەکانی حیزب لەبەریتانیا

# بەمەبەستی تاوتێکردنی تازەترین ئاڵوگۆڕەکان کۆدەبنەوە!



تەشکیلاتەکانی حیزب لەشارەکانی مانچستەر، هاڵ و نۆتنگهام و دێربی کۆبونەوەکانی خۆیان دەکەن و لەتازەترین ئالوگۆڕەکانی عیراق و کوردستان و وەزعی پەنابەران قسەباس دەکەن، ئەوەی شایانی باسە لەم کۆبونەوانەدا ژماریەك لە دۆستانی حیزب بەشداری دەکەن و لەسەر هەلوێست و کارەکانی حیزب بەرامبەر بەمەسەلەی پەنابەران پیشتگیری دەکەن و ئامادەن لەو بوارەدا کار بکەن و پشتگیری حیزب و فدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراق بکەن، کە تاکید لەوە دەکەنەوە کە ئەوە مەسەلەیەکی ئینسانی گەورەیە کەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لەپشتی وەستاوە، هاوکات لەشاری مانچستەر لەدۆستانی بەشدار لەجلسەکەدا، چوار کەس دەبنە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، پاش چەند کاتژمێر لەکۆبونەوەکانی ئەم شارانە بەم شیوەیەی خوارەوە کۆبونەوەکان ئەنجام دەدرێن.

- رۆژی 2007/1/21 تەشکیلاتی شاری هاڵ بەئامادەبونی هاورێ حسن، ئەندامی کۆمیتەی بەریتانیا، و زۆربەی هاوریان، جلسەی شاری مانچستەر ئەنجام دەدرێ. وە لەسەر دواگۆرانکاریەکانی وەزعی پەنابەران بەکۆ قسەباس دەکەن، وە خۆیان بۆ هەنگاوی جدی لەو مەجالەدا ئامادە دەکەن.
- رۆژی 2007/1/27 جاسم غفور ئەندامی کۆمیتەی بەریتانیا و لیپرسراوی شاری نۆتنگهام ی حیزب، بەمەستی سەردان و کۆبونەوە لەگەل هاوریانی شاری دێربی سەردانی ئەو شارە دەکات و بەئامادەبونی هاوریانی شاری کۆبونەوەی ئەو شارە دەکەن، وە لەسەر دواگۆانکاریەکانی عیراق و کوردستان و وەزعی پەنابەران قسەدەکەن.
- رۆژی 2007/1/28 تەشکیلاتی شاری نۆتنگهام بەئامادەبونی هاوریان جاسم غفور ئەندامی کۆمیتەی بەریتانیای حیزب و زۆربەی ئەندامان و ئەو شارەو هاوریەك لەشاری لینکن ەوە ، کۆبونەوەی خۆیان دەکەن. وە باسێکی چروپر لەسەر دواگۆرانکاریەکان دەکەن.
- رۆژی 2007/1/28 تەشکیلاتی شاری مانچستەر بەمەبەستی تاوتیکردن و ریکخستنەوەی کارەکانی حیزب بەپێی ئەم دەوەرەیەی چالاکیەکانی کۆبونەوەی خۆی بەحزوری نوری بەشیر – وەك لیپرسراوی کۆمیتەی بەرتیانیا و هاوریان بورهان فتاح و صباح ئەندامانی کۆمیتەی بەریتانیا، زۆرێك لەئەندامانی حیزب لەو

شارەو هەروەها هاوریانیك لەحیزبی كۆمۆنیستی كریكاری ئیران – حكمتیست و ژمارەیەك لەدۆستانی حیزب بەشداری كۆبونەوەكەیان كرد.

لەسەر تازەترین ئالۆگۆرەكان و هیرشی دەولەتی بەریتانیا بۆسەر پەنابەران و هەلویستی حیزب قسەوباسیان كرد، كەهەول بدریێت هەرچی پشتگیری زیاترە بۆ خواستەكانی پەنابەران و چونە پشت سەری فدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بۆ كەمپینیك بەریێ خستوە بۆ ریگەگرتن لەگرتن و دیپۆرتی پەنابەران. وە وە لەسەر دواگۆرانكاری كوردستان و عیراق قسەو باس كراو وەلامی پرسیاری ئامادەبوان درایەوە.

ئامادەبوان لەسەر باسەكان پرسیارێكی زۆریان كرد و قسەوباسی لەسەر كرا. بەدوایدا چوار كەس لەدۆستانی ئامادەبوی جلسەكە ئەندامەتی خۆیان بۆ حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق دەربری.

ڕێكخراوی بەریتانیای حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق

2007/1/30

---

سایتی حزب : **www.wpiraq.net**


پەیوەندی بەكۆمیتەوە: پرشنگ ئەحمەد/ لێپرسراوی كۆمیتە

**Mob: 07894252708    Email: wcpiuk@yahoo.co.uk**